# ئەگەر یەکێکتان ویستی بچێتە سەر جێگاکەی؛ با جێگاکەی بتەکێنێت بە چمکێکی کراسەکەی چونکە نازانێت لە پاش خۆی چی هاتووەتە نێو جێگاکەی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان ویستی بچێتە سەر جێگاکەی؛ با جێگاکەی بتەکێنێت بە چمکێکی کراسەکەی چونکە نازانێت لە پاش خۆی چی هاتووەتە نێو جێگاکەی، وپاشان بڵێت: ( باسمك ربي وضعت جنبي، وبك أرفعه، إن أمسكت نفسي فارحمها، وإن أرسلتها، فاحفظها بما تحفظ به عبادك الصالحين)*». *(واتە: پەروەردگارم بە ناوی تۆ لاتەنیشتم دادەنێم، و بەناوی تۆ بەرزی دەکەمەوە، ئەگەر گیانی منت گرتەوە لە لای خۆت -ڕۆحمت کێشا-؛ ئەوا ڕەحمی پێبکە، (وئەگەر بەریشت دا -ڕۆحمت نەکێشا-؛ ئەوا بیپارێزە بەوەی بەندە چاکەکانتی پێ دەپارێزیت

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مانای ئەم فەرموودەیە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی زیکرەکانی خەوتنە، ئەمیش ئەو ساتەیە کە مرۆڤ ڕۆحی بە پەروەردگاری دەسپێرێت لە ساتێکدا کە هیچ هێز وتوانایەکی نییە بۆ پاراستنی، بۆیە دەیسپێرێت بە پەروەردگاری بۆئەوەی بیپارێزێت بە ئەوپەڕەی تەوەکول ویشت بەستن بە خوای گەورە، زانایان دەڵێن: وحیکمەت ودانایی زیکر ونزاکردن لە کاتی خەوتن وهەستان لە خەو ئەوەیە کە مرۆڤ کۆتا کردەوەکانی (لە کاتی خەوتندا) پەرستن ویادی خوای گەورە بێت، وسەرەتای کردەوەکانی (لە کاتی هەستان لە خەودا) بە هەمان شێوە، لەم فەرموودەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سونەتەکانی خەوتن وهەستان لە خەومان بۆ ڕووندەکاتەوە لە ڕوانگەی زیکرکردن ونزا وکردەوەکانەوە، سەرەتا ڕێنموێنیمان دەکات بۆ کردەوە، فەرمووی: (ئەگەر یەکێکتان ویستی بچێتە سەر جێگاکەی؛ با جێگاکەی بتەکێنێت): چونکە عەرەب جێگاکانیان وەکو خۆی جێی دەهێشت ولەوەیە لە پاش جێهێشتنی مێرووی زیانبەخش بچێتە نێو جێگاوە، یان بە تۆز وخۆڵ پیس ببێت؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە تەکاندنی پێش ئەوەی مرۆڤ لە نێوی جێگاکەی بخەوێت، پاشان کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی تەکاندن وپاککردنەوەی باسکرد ودەکرێت شتی تریش بەکاربهێندرێت، فەرمووی: (بە چمکێکی کراسەکەی): واتا بە گۆشەیەکی ئەو جلەی لەبەریدایە بەتایبەت لە بەشی خوارەوەی لاشە لە ناوەوە، چونکە ئاسانترە بۆ تەکاندن وهەروەها ڕووکەشی جلەکە پیس نابێت بە تۆز وخۆڵ وشتی تر، وعەرەب زۆرجار لەو کاتەدا دوو جلیان لەبەردا بوو (إزار) لە بەشی نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت، و(رداء) کە لە بەشی نیوەی سەرەوەی لاشە لەبەر دەکرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ جێگاکەی بتەکێنێت ئیتر هەرجلێکی لەبەردا بێت (یەک پارچە بێت یان زیاتر) وبەهەر شێوە وکەرەستەیەکی تر بێت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری ئەم تەکاندن وپاککردنەوەی باسکرد، فەرمووی: (چونکە نازانێت لە پاش خۆی چی هاتووەتە نێو جێگاکەی): ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر جەختکردنەوەی شەریعەتی ئیسلام لەسەر پاراستنی لاشەی مرۆڤەکان، چونکە لاشەکان بنچینەن بۆ سەرخستنی ئاین وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی شەریعەت، ولێرەدا سونەتی کردەوەیی (السُنة الفعلية) تەواو بوو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکەی. دووەم: سونەتی وتەیی (السُنة القولية): پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (باسمك ربي:پەروەردگارم بە ناوی تۆ): بەناوی خوای گەورەی بەرز ومەزن ئەم لاشە سست وماندووە لەسەر ئەم جێگایە دادەنێم، وئەمیش بەڵگەیە بۆئەوەی سونەتە مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا زیکر ویادی پەروەردگاری بکات. پاشان دەڵێت: (وضعت جنبي، وبك أرفعه:لاتەنیشتم دادەنێم، و بەناوی تۆ بەرزی دەکەمەوە): واتا لاشەم دادانێم وبەرزی ناکەمەوە لەسەر زەوی مەگەر لەگەڵ هێنان ویادکردنی ناوی تۆ نەبێت. ( إن أمسكت نفسي فارحمها: ئەگەر گیانی منت گرتەوە لە لای خۆت -ڕۆحمت کێشا-؛ ئەوا ڕەحمی پێبکە): واتا ئەگەر لە کاتی خەوتندا مردم؛ ڕەحمم پێبکە. (وإن أرسلتها:

وئەگەر بەریشت دا -ڕۆحمت نەکێشا-): واتا ئەگەر لە کاتی خەوتندا نەمردم ودیسانەوە ژیانت پێبەخشیم. ( فاحفظها بما تحفظ به عبادك الصالحين:ئەوا بیپارێزە بەوەی بەندە چاکەکانتی پێ دەپارێزیت): واتا من وڕۆحم بپارێزە بە هەرشتێک کە بەندەکانتی پێ دەپارێزیت، ئەمیش بە پاراستنی لە هەموو تاوان وگوناهـ وشەڕ وزیانێک، هەروەکو -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (احفظ الله يحفظك) واتە: (تۆ سنوورەکانی خودا بپارێزە -واجبەکان ئەنجامبدە ولە حەرامەکان دوور بکەرەوە-؛ ئەوا خودایش تۆ دەپارێزێت)، ئەم پاراستنەی لەم فەرموودەیە باسکراوە پاراستنێکی گشتییە بۆیە باسی بەندە چاکەکانی خودا کراوە چونکە پاراستنی تەواوی خودا بۆ بەندە پاش ئەوە دەبێت کە بەندە چاک دەبێت ولەسەر ڕێگای ڕاست پابەند دەبێت، بۆیە ئەوانەی سنوورەکانی خودا ناپارێزن وپشتگوێی دەخەن؛ ئەو پاراستنەیان دەستناکەوێت کە خودا دەیبەخشێت بە ئەولیاکانی (دۆستانی)، بەڵام ئەگەر ئەم زیکرە بخوێنێت ئەوا لەوەیە شتێک لەو پاراستنە بەدەست بهێنێـت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6034

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee